کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
30-9-2007 1:33بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**تاڵەبانی بەردەوامەلەسەرداکۆکی کردن لەجەلادانی ئەنفال ... قادر نادر**

لەکۆنگرەرۆژنامەگەریەکانی تاڵەبانی بەتایبەتی لەکوردستان، بەردەوام بەشێکی مشت و مرو نارەزایە



تی لێدەکەوێتەوە، بەرای بەندەهۆکارە سەرەکیەکەشی ئەوە یە، تاڵەبانی لەهەندێ دەربڕینیدا سڵ لە هەست بریندار کردنی خەڵک ناکاتەوە، بۆیەزۆر بە ئاسایی لەبەردەم میدیا عەرەبەکان دەڵێت: دەوڵەتی کوردی خەونی شاعیرو هەندێ رۆشنبیرانە، وەکاتێک دەچێتەسوریا، ئێران، تورکیا، بەشان و باڵی (ئەسەدی گچکەو گەورەو خومەینی و دیموکراسیەتی تورکیا) هەڵدەدات بێ ئەوەی ڕێز لەوەبگرێت، دەیان ملیۆن کورد لە ژێر دەسەلاتی ئەمانەبەجۆرەها شێوەدەچەوسێنەوە ؟؟ تۆ بلێ ی ئەوەی تاڵەبانی دەیکات، ئەگەر هەر بە ڕیرسێکی کوردی باکور، رۆژهەلات و باشووری بچوک بەشان و باڵی هاوشێوەی سەدامیان هەڵبدایە، چۆن رسوایان دەکردن!!؟؟، بیرمە کاتێک ئاپۆ وتی ئەو حکومەتەی کوردستانی باشوور پیلانێکەلەنەتەوەی عەرەب، چەندە شەو رۆژ و میدیاکانی پارتی و یەکێتیقسەیان لەسەر کرد.

هەمووماں لەیادمانەتاڵەبانی تاکەسەرکردەیەک بوو بەئاشکرا نامەی داکۆکی بۆ یەکێک لەجەلادەگە ورەکانی ئەنفال (نزار خەزرەجی) نارد، وە هەموو تاکێکی نیشتمان پەروەری کوردی لەهەندەران و کوردستان لەبەرامبەر دانیمارکیەکان شەرمەزار کرد. ئەمەجگە لەوەی ئەو کوردەنیشتمان پەروەرانەی خەریکی دادگایی کردنی بوون، بەپیاوی بەعس لەقەڵەمی دان. لەدوای روخانی سەدامیشەوەیەکێک لە راوێژکارەبەرزەکانی وەفیق سامەرائیيە، کەداڕێژەری بیری ئەنفالە. لە دوایین کۆنگرەرۆژنامەگەریەکە شی لەشاری سلێمانی، و تی ئیمزای بڕیاری لەسێدارەدانی سوڵتان هاشم ناکەم، چونکەلەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا، گوایەجۆرێک پەیوەندی لەگەڵی هەبووە!!؟؟.

سەرەتا زۆرم پێ سەیرەتاڵەبانی کەخۆی پێ پارێزەرە، وە ك دە بینینیش دەست لەکاری دادگا وەردە دات؟؟ وەلەوەش سەیرتر ئەوەیەسوڵتان هاشم بەزاری خۆی لەنێو دادگا دەیان جار باسی ئەوەی کردووە، کەبەشدارێکی سەرەکی بووە لەتاوانی ئەنفالدا؟؟ ئەمەجگەلەوەی کاتێک هەموو لایەک، هاوارمان دە کرد، با تاڵەبانی پلەی سەرۆک کۆماری خۆی بەکاربهێنێت، تا دۆزی ئەنفال تەواو نەبێت با لەسەر دۆزی دوجێل سەدام لەسێدارەنەدرێت. ئەی بۆچی لەم کاتدا ئاخافتنێکی هاوشێوەی ئێستای نە دەکردو بلێت ئیمزاناکەم یان ئاوا دوای بخات، لەکاتێکداپێویستییەکی سیاسی کورد بوو!!؟؟ ئاخر ئەوکات هە ست و رقی شیعەی لێ پەیدادەبوو؟؟ ئەی بۆ ئێستا بۆ رازی کردنی دڵی سونەئامادەیەهەستی کورد بریندار بکات؟؟؟.

بەرلەوەی نازییەکان لەئەڵمانیا بێنەدەسەلات، لەنێو یەکێک لە شەمەندەفەرەکانی ئەڵمانیا، باوکی پادشای ئێستای سوێد، هاریکاری بەبرێک پارەکردبوون، وێنەکەی 2 ساڵ لەمەوبەر بەرێکەوت بەدەست رۆژنامەیەکی سوێدی کەوتبوو، دنیایەک رەخنەیان لە بنەماڵەی مەلیک گرت. لەکاتێکدا لە جەنگی جیهانی دووەمیشدا نازیەکان کوشتاری خەڵکی سوێدیان نەکرد و لەکاتی یارمەتیدانەکەش نازییەکان لەحاڵەتی ئۆپزسیۆنی دابوونە!!؟؟.

فەلەستینەیەکان ئەگەر چی لەکورد زیاتر بێ شەنسی سەرکردەی سیاسین، وەلێ تائێستاش هێچ سە رکردەیەکیان زاتی ئەوەناکات، داکۆکی لەجەلادێکی سەبراو شاتیلا بکات، یان لوبنانییەک لەجەلادێکی قانا. تۆ بلێیت ئەگەر ئیسرائیلییەک کارێکی هاوشێوە لەگەل نازییەکی بچوکیش بکات، چۆن دەیکەن بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پەندی مێژوو، یان کۆێتییەکان کەتاکو ئێستاش وەک سالی 1990 مامەڵەلەگەل بەعسییەکان دەکەن. ئە ی بۆ لەمەشدا قەدەری کورد جیایە؟؟ یان دیارەچۆن، زستانی ئەسکەندەناڤیا پلەی گەرمی دەکەوێتەژێر سفرەوە، ئاواهەستی نیشتمانی ئێمەش لەژێر سفرایە، ئەگەرنا چۆن دەکرێت جەلادانی ئەنفال ئاوا ڕێز بگیرێت وداکۆکیان لێ بکرێت؟؟؟

لەیادی کارەساتی 18 ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجەدا کۆمیتەی هۆلەندای چاک لەئەمستردام یادی کردبۆوە، ژنێکی 40 ساڵەی جولەکەبەناوی (میخال) ئامادەی بەشێک لەیادکردنەوەکەببوو، سەری سوڕ مابوو کەچۆن لەکاتی مەراسیم و یادەکەڕێز ناگرن. بۆیەزۆر تووڕەببوو، دەڵێم ئەگەر بڵێینە دادە میخال، کەکچان و منالانمان فرۆشران، وە دەیان هەزار هاوولاتی هەمە جیای تەمەن، شەهیدو زیندەبە چاڵ کراون، کەچی سەرکردەیەکی کورد هەیە، ماوەیەک ببووە پارێزەری خەزرەجی، وە راوێژکارە کە ی وەفیق سامەرائییە، ئێستاش نایەوێت جەلادێکی تری ئەنفال (سولتان هاشم) لەسێدارەبدرێت، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بە دەیان سەرۆک جاشی بەشدار بووی تاوانی ئەنفال، ناز هەڵگرتووەو لەچواردە ورێتی، ئاخۆ دەبێت بەپێی ژمارەی پارەی دزراوی خەلکی هەژاری کورد نەکەونە بەرغەزەب و تف و نە علەتیدا؟؟؟.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.